

پێشان و ئێستا
بەراوردێکە لەنێوان ژیانی باب و باپیرانمان
لەگەڵ ژیانی ئێستای ئێمەدا
مەلامسلم مەلاصالح فریزی




پێشان و ئێستا
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارە سپاردنی (2500) ی ساڵی (2010) پێ دراوە

# " پێشان و ئێستا "

## بەراوردێکە لەنێوان
## ژیانی باب و باپیرانمان
## لەگەڵ ژیانی ئێستای ئێمەدا


**مەلامسلم مەلاصالح فریزی**

پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی مەلاصالح کەسنەزان


1431کۆچی- 2010م – 2710کوردی


frezemoslem@yahoo.com

# ناسنامەی نامیلکە

**ناو:** پێشان و ئێستا

**نوسینی:** مەلامسلم مەلاصالح فریزی

**پێداچوونەوەی:** م.مەلا دڵشاد گەلاڵی

م.مەلاعبداللە شێرکاوەیی- د. غریب عزیز

**دیزاین و نەخشەسازی:** نەهرۆ عەلی حەمەد

**هەڵەچنی:** صوهەیب واحید

**تیراژ:** 1000 دانە

**چاپ:** چاپی یەکەم

**ژ.سپاردن:** (2500)ی ساڵی 2010ی دراوەتیێ.

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿[illegible]﴾ {ألحشر:10}

**واتە :**

**ئەوانەی کە لە دوای ( موهاجیرین و ئەنصاری ) کۆچبەران و پشتیوانانەدا هاتن ( تا کۆتایی دونیا.. ئەمە دوعاو نزایانەو بەردەوام ) دەڵێن : پەروەردگارا لە ئێمەو برایانەشمان خۆش ببە کە پێش ئێمە رێبازی ئیمانیان گرتە بەرو لــە دڵەکانمان هیچ جۆرە بوغزو کینەیەك مەخەرە دڵمانەوە لە ئاستی ئەوانــەی ئیمانیان هێناوە، پەروەردگارا تۆ بەڕاستی بە سۆزو بەخشندەو میهرەبانیت.**

## "بەناوی خوای گەورەو میهرەبان"

## دەست خۆشی

لەدوای خوێندنەوەیەك بۆ نامیلکەی ( پێشان و ئێستا ) کە نوسەرەکەی (مەلامسلم مەلاصالح فریزی )یە سەرنجی بۆ شتانێك راکێشام کە لە مێژوو سەردەمی زێڕینی باب و باپیرانمان لە ئارادابوون، هەروەها لەو واقیعەی ئێستاش کە ئێمە تیایدا دەژین، هەروەك بەراوردێکی جوانیشی کردووەو دڵسۆزی خۆی نواندووەو تەنها شتە باشەکانیانی هێناوەتەوەو خۆی دوور گرتووە لە شتە سلبیەکان، هەربۆیە دڵم پێ خۆش بوو،

وەك هاندانێکیش بۆ نوسەری گەنجی غەمخۆر بۆ دین و زانایان و میللەتی کورد نیشاندانی وەفاداری بۆ پێشینان و باب و باپیران بەگرنگم زانی بەم چەند دێڕە سۆزی خۆم دەرببڕم، چونکە زۆر گرنگە مرۆڤ هەڵوەستە لەسەر رابردووی پێشینان بکات و سوود لە ئەزموونەکەیان وەربگریت، هەر لەبەر ئەمەش و بۆ مانەوەی یادەوری ژیانی پڕ سەروەری باب و باپیرانمان ئەرکی بە چاپ گەیاندنی (1000 )دانەیمان گرتە ئەستۆی خۆمان، بەو هیوایەین کەوا نەوەی نوێ سوود لە ئەزموون و کلتوری رەسەنی باب و باپیرانی وەربگریت و هەوڵ بدات کارە ئیجابیەکانیان دەوڵەمەند تر بکات، چونکە ئەوەی ئیمڕۆ ئێمە دەیکەین درێژە پێدەری رێڕەوی ئەوانە ﴿وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ﴾آل عمران:140.

هیوای بەردەوام بوون و بەختەوەریش بۆ نوسەری ئەم نامیلکەیە دەخوازم.

م.مەلاعبدالله مەلاسعید گرتکی
سەرۆکی یەکێتی زانایانی
ئاینی ئیسلامی کوردستان

2010/12/6

# پێشكەشە

## وەك وەفایەك بۆ باب‌و باپیرانمان

- بە هەموو پیرەمێردو پیرەژنێكی موسڵمانی دەست بە دەستنوێژ.
- بە هەموو كوڕو كچێك كە لە بەهاری تەمەنیان دان..
- بە هەموو ئەو گەنجە خۆشەویستانەی كە ڕێز لە گەورەكان دەگرن.
- ئەوانەی لەسەر ڕەوشتی چاكەو بەرزی باب‌و باپیرانیان دەڕۆن.
- ئەوانەی دەیانەوێت هەمیشە داب‌و نەریتی ڕەسەن بەردەوام بێت.
- بە هەموو ئەو گەنجانەی خولیای مزگەوتن.
- بە هەموو نەوەیەكی نوێ‌و تازە پێگەیشتوو.

# پێشەكی

سوپاس و ستایش بۆ خودای بە دیهێنەر، خودایەك كە بونەوەرو كـەون و كائیناتی هێناوەتە وجود وە تواناداره بەسـەر هـەموو شـتێك و ئـیش و فەرمانی جێ بەجێ یە بە ( ك ) و( ن )ێك ﴿وَإِذَا قَضَى أَمْراً فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ﴾(1) – هەزاران درودو سەلاّت و سەلام و رەحمەت بڕژێ بەسـەر گیانی پـاكی پێغەمبـەری رەحمـەت خۆشەویسـتمان ( محمدالمصطفى ) صـلى الله علیەوسـلم، هـەروەها بەسـەر ئـەهل و بـەیت و هاوەڵـە بەڕێزەكانی و یارو یاوەرانی و شوێن كەوتوانی تا دەگاتە رۆژی دوایی..

خوێنەری بەڕێزو ئازیز:

باب و با پیران كە هۆكاری هاتنە دونیای ئێمەن لەلایەن هەندێك جیلی نوێ و تازە پێگەیشتوو: هەموو كارو كردارە جوانەكانیان لـێ پـەراوێز دەخرێت و تەنها چەند خاڵێكی سلبی دێـنن و باسـی دەكـەن و خۆیـان و بەرامبەر لەسەر ئەوە پەروەردە دەكەن!. منیش هەر چەندی سەیرم كـرد لـەم دیاردەیـە تـەنها لایـەنی ( سـلبی )م لـێ دەخوێنـدەوەو ترسـام نەوەكانمان بە ئاقارێكی خراپ داببردرێن، وە لەوەش خـراپتر ئـەوەی زیاتر نیگەرانی كردم ئەوەبوو: كە ئەگەر كەسێك وەفای نەبێت بۆ باب و باپیرانی خۆی چۆن وەفای بۆمن و بۆ تۆو كۆمەڵگەو خاك و ولاّت دەبێت؟!

(1) ألبقرة: 117

**وە پێغەمبەریش صلى الله عليەوسلم فەرمانی لەسەر ئەوەیە کە چـاکەی مردووەکانتان باس بکـەن بـە فـەرموودەی پـیرۆزی: ((أذکـروا محاسـن موتـاکم، وکفوا عن مساويهم (2)))،**

**کەواتە پێویستە: خاڵە ئیجابیو جوانەکانیان وەربگرینو بیـانهێنینو بیاننوسینەوەو باسیان بکـەینو کاریـان لەسـەر بکـەین، هـەر بۆیـە هەڵسام بە دانانی ئەم نامیلکە خنجیلانەیە بە ئومێدی ئەوەم کە حەقی خۆیم پێ ی دابیو نەوەی نوێش سوودی لێ ببینێت.**

**تێبینی/**

1- **هەڵبەتە هەوڵم داوە کە حەقی خۆیان پێ بدەم (بەلاَم هێشـتا بـە پێی پێویست نیە بەرامبەر بـە بـابو بـا پیرانو دایـكو دا پیرا نمـان) ئەوانەی کەژیانی خۆیان گوزەرکرد بە دینداریو سەربڵندی.**

2- **هەرکات بەراوردم کردبێتو باسـی ئێسـتاو خۆمـانم کردبێـت بـێ گومان مەبەستم پێ زۆرینەیە، دەنا ئێستاش لەناو ئێمەدا (سوپاس بـۆ خـوا) کەسـانێك هـەن کـە مـۆرکی بـابو بـا پیرانی خۆیـان زینـدوو ڕاگرتووەو کار لەسەر ڕەوشتە بەرزو جوانەکانیان دەکەن.**

---

(2) رواه أبوداود والترمذي وقال الحاكم: أنه صحيح الإسناد،

**تێبینی/** چەند فەرموودەیەکی تریشمان لەبەر دەست دایە کە (صحيح)نو هەمان ماناش دەبەخشن، بۆ نمونە وەك:

- فەرموودەی: ((لا تسبوا الأموات فإنهم قد أفضوا إلى ما قدموا)) رواه البخاري.
- فەرموودەی: ((إذا مات صاحبكم فدعوه لا تقعوا فيه)) رواه أبو داود من حديث وكيع.
- فەرموودەی: ((لا تذكر هلكاكم (أي موتاكم) إلا بخير)) رواه أكثر من واحد من الصحابة.

# بەراوردێك لەنێوان ژیانی سادەی باب و باپیرانمان لەگەڵ ژیانی پڕ مواسەفاتی ئێمە!

خەڵك بە ڕەحم بوو، بە حەیاو ئەدەب و شەرم بوو، دەیانگوت: باسی مەلای نەکەی تەلاقت دەکەوێت (لە مقامی ئەدەب و ڕێز)! ئێستا باسی (خواو پێغەمبەرو ئیسلام و قورئان) دەکەن زۆر بێ نەزاکەتانە بێ ئەدەبیان دەرحەق دەنوێنن!

- پێشان لە گوندەکی (لەناو بەرەباب و "هەندێکجاریش" عەشیرەتێکیش) یەك ڕیش سپی و براگەورە هەبوو کە کەس لە قسەی دەرنەدەچوو، ئێستا لەماڵێك چەند کوێخایەك هەیە!.

- پێشان براگەوراتی وەزنی خۆی هەبوو، ئێستا وەکو جاران نی یە!.

- هەرەوەز هەبوو خەڵکی یارمەتی یەکتریان دەدا، ئێستا نەك بەهەرەوەز بە پارەش وەك پێویست خۆی ناداتە ئیشەکە.

- گەورەو گچکاتی هەبوو... ئێستاش ئەمە بۆتۆی بەڕێز جێ دەهێڵم کە: ڕۆژانە چی دەبینی و چی دەبیستی؟.

- خەڵك بێ جێ یی بەرامبەر بەدایك وباوکی نەدەکرد (ئەگەر کافریش بان)، ئێستا بەرامبەر بەدایك و باوکی موسڵمان و خواناس بێ جێ یی و بێ ئەدەبی دەکرێت و قسەیان پێ دەوترێ و دەست و دەنگیان لەسەر بەرزدەکرێتەوەو (لەلایەن ڕۆڵە بێ ئەمەك و بێ وەفاکان) لەماڵ وەدەر دەنرێن..! ف( لاحول ولاقوة إلا بالله ).

- بەلای گۆڕستانێك دا تێپەڕ دەبوون: (فاتیحا)یەکیان هەدیە دەکردو،

( صەڵەوات )یان لێ دەداو، ( دوعا )یان دەكردو، تۆزێك ( تأمل )و هەڵوەستەو تێفكرینیان دەكرد، بەڵام ئێستا ( بەسەیارەو بە پیادە ) گرەی دێ بەلای گۆڕستان و ( بگرە ناو گۆڕستان )دا تێ دەپەڕێت.. وەكو كوردەواری خۆمان گوتەنی: بەلایەوە نەبای دێو نەباران، هەر سەلامەكەشی وەبیر نی یە بیكات!

- پێشان هەر بەقسە دەیانگوت: لەقەبریش ئیسراحەت نەكەیت، ئێستا بە واقیعی دەبینین گۆڕ هەڵ ئەكەنرێو گۆڕستان تێك دەدرێت و مردوو ڕاگوێز دەكرێت.

- پێشان دەیانگوت: قسە بەرد ئەكات بە ئاو، ئێستا پەنجا قسەی پێ بڵێی تەقەی سەری دێو هەر شەرمێكیش لەخۆی ناكێشێتەوە.

- خەڵك بەقەناعەت بوون كەسێك ژوورو هەیوانێكی بە قوڕكاری و كاریتە دروست دەكرد وای دەزانی هەموو دونیا هی ئەوەو 100جار دەیگوت: ( ألحمدلله )، ئێستا صەببی موسەللەح و گێچ كاری و كاشی و سیڕامیك و...هتد. ئینجا دڵی زۆر پێ خۆش نی یەو وەك پێویست شوكرانە ناكات و چاولێكەری و تەماشای لەخۆی هەورازتر دەكات!

- ئەگەر هەركات ئافرەتێكی ( تۆزێ ) سفور بدیترابا دەگوترا: ئەوە غەیرە دینە، كەچی ئێستا هەر مەپرسە لەناو كۆمەڵگای موسڵمانان ئافرەتی بەناو موسڵمانە چی لەبەر دەكات و چۆن هەمووی تێكەڵ بووە!

- دوو شت نەما: 1- هیممەت 2- عەزیمەت.

- موسڵمانان هەمووشتێكیان تیایدا مردووە تەنها سێ شت نەبێت:

1- ئارەزووی خواردن.

2- ئارەزووی جنسیو نەزەر لەبۆ حەڕام!

3- ئارەزووی پارەو خانوو سەیارەو خۆ بەدەرخستن!

- ئەوان سەردانیان گەرمو گوڕ بوو، بەلاّم ئێستا سەردانی کردن کز بووە، یانیش بوەتە تەلەفۆنو ریسالە،

خۆ ئەگەر بچنە سەردانی یەکتریش ئەوە لەبەر: تەلەفزیۆنو، یا غەییەتو، یا باسو موعامەلاتی دونیا..ئیتر یادی خوا دووجار بەخەیالّیان دانایەت! ( پەنامان بەخوا ).

- خەلّك ناموسی جیرانی بەهی خۆی دەزانی، جیرانەتی دەوری هەبوو، دەیانگوت: جیران وەکو برایە، یا لە برا لە پێشترە، کەچی ئێستا برایە لە جیرانیەتی بەینیان نی یە ( تەبا نینە )! ئیتر لەخەلّکی تر هەر گەڕێ!.

- پێشان برا لەبری برای دەیتوانی بڕیاری دابا، ئێستا ئەوە بەحالّ لەناومان ماوە، بەلّکو دەتوانم بلّێم: هەر نەماوە!

- باب قسەی کردبا یا براگەورە.. ڕەت بوونەوەی نەبوو، ئێستا مندالّە گچکەکە لە قسەی بە جەواب دێتو دەلّێ: من دەزانم تۆ نازانی، یان قسە بۆتۆ نەهاتووە!!.

- ئیعتیقادیان بە دوعاو پیاوی چاکی زیندوو هەبوو، ئێستا سوڕاوەتەوە بۆ دەرزیو ئەو یەك دوو قلە گێچۆکانەی کە وەری دەگرن(1).

- وەلاّغی نەبوو دەچوو لە( جیرانی، خزمی، برادەرێك ) وەری دەگرت بۆ ئەوەی: باراشی پێ بباتە ئاشی، یان بۆ مالّو مندالّی بارەدارەکی لەچیای بۆ هێنابانەوە، ئێستا بووە بە سەیارە ئینجا وەك پێویست شوکرانە ناکات.

( 1 ) هەرچەندە ئێمە وەرگرتنی داوو دەرمان بە ناشەرعی نازانین.. بەڵام داخەکە لەوەدایە: کە مرۆڤی موسڵمان پەنا بۆ هەموو شتێك ببات بەڵام تەنها نەچێتەوە بۆلای ( قورئان ) کە ئەصڵی شیفای تێدایە.

- بە تاریکیو یاخود بە فانۆس دەهاتنە مزگەوت، کەچی ئێستا شوکر بۆ خودا هەمووی هەر ڕوناکی کارەبایەو قاچیشی بەقوڕ نابێتو هەروەها زۆربەی مزگەوتەکان سبلیتی لێ دانراوەو ئەگەر نوێژخوێنی بەرێز گەرمای بێت ئەوا ساردی بۆ پێدەکەنو ئەگەر سەرماشی بێت ئەوا گەرمی، کەچی هاتنی بۆ مزگەوت وەك پێویست نی یەو خۆ ئەگەر دێتە مزگەوتیش ئەوا زۆرێکیان هەر پەلەیانەو خوا خوایەتی نوێژو خوتبەو مەراسیمی عیبادات زوو تەواوبێ.. ئیتر بێ دوعاو پاڕانەوەو ویرد خوێندن هەر زوو دەرە پەڕێ! هەروەك ئەوە وابێ لە بەندیخانە دەرچووە یا لەکارێکی سوغرە رزگاری بووە!

- شیوە پیرخەنیەکی دەخوارد تامی لێ دەکردو دەیگوت: لەخوا بەزیاد بێت، کەچی ئێستا دەڵێن: کێ برنج دەخوا، ئەو برنجە بۆنداره‌و ئەوە بێ بۆنە، ئەوە دەنکی درێژەو ئەوە وەك ئەو نی یە، ئەوە جوانەو ئەوە جوان نی یەو ناخورێ...هتد! ( إلا ما رحم ربی ).

- بێ ڕەحمیو فەوزاو هەوری ڕەشی ( حب الدنیا ) بەرچاوەمانی تاریك کردووە!

ئەی ئۆممەتی پێغەمبەرصلی الله علیه‌وسلم، ئەی ئەو ئۆممەتەی: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾آل عمران: 110..ئەوە چیتانەو چیتان بەسەرهاتووە؟ کوا: شەو نوێژتان؟ کوا خشوعی ناو نوێژتان؟ کوا چاوەڕوانی نوێژ لەبۆ نوێژتان..؟

سوێند بەخوا كەسێك (لە مانگی 10ی ساڵی 2010م) تورە بوو لەمزگـەوت تەنها لەبەر ئەوەی كە بەینی بانگو قامەت (بۆ نوێژی عیشـاو بـەیانیان) تەنها (10)دە دەقیقە تەوقیت داندراوەتەوە.. ئەوەش بۆ ئەوەی خەڵكی پێ ڕابگەن، تەحەمولی نەبوو چـەندجارێك پرتـەی دەهـات تـا بـۆ دوواجـار تەحەممولی نەماو ڕۆیشت، دوای ئەو نوێـژە نەگـەڕاوە بـۆ ئـەم مزگەوتـە! تـاوەكو مامۆستای مزگەوت خۆیو وەفدێكی یاوەری چونەوە بـۆ لای لـەماڵی، (مع الأسف) خیلافیشـی دەگـوت! دەیگـوت: ئـەوە نیوسـەعاتە چـاوەڕوان دەكەین، (مع العلم)یش كە لە 8تا10 خولەك زیاتـر نەبوو، ئینجا قەیـدی چی یە با نیوسەعات بی..؟ نوێژی عیشایەو وەبەری وەهەیـە، چـی لێ دێـت ئەگەر نیو كاتژمێر لە ماڵی خوای گەورە بێ؟، ئەوە بۆچی بۆ دونیا ئەوەنـدە عەودالو بە پەرۆشـە؟ بۆچـی لەبـەر دەرگـای كاربەدەسـتێك بـە سـەعات ڕابوەستێت بەلایەوە ئاساییە،بۆچی بـەدیار تەلـەفزیۆنو دامـەو دۆمینـەو یاری.. بە دانەرۆژ دابنیشێتو ڕابوەستێت بەلایەوە زۆر ئاسـاییە! بـەلام بـۆ مزگەوت دڵی دەگوشرێ؟! ف(إنا لله وإنا إليه راجعون) – وَ(لا حول ولاقـوة إلا باالله).

شاعیر دەڵێ:

بۆ دوارۆژتـان لەیاد چووە هۆ گەلۆ؟!

بۆ دڵتان وا كاول بووە (بەگوناهان) بۆ گەلۆ؟!

بۆ بەسەماو هەڵپەڕكێ وا ڕاهاتوون؟!

بۆچی بـــۆ شەیطـان وەك گـۆچان داهاتوون؟!

- دەڵێن: بۆچی (سەڵەوات) لێ نادەن؟ بۆچی (فاتیحا) هەدیە ناکەن؟ بۆچی 100 جار (لاإلە إلاالله) ناکەن..؟ کەچی بەڕێزیشیان بەخۆی ئامادە نی یە هیچیان بیخوێنیو بیڵێتەوە! هەر تەنها دەقی پێوە گرتووەو بەس، یانیش مەبەستی پێ موناقەشەو موجادەلەیەو دەیەوێت دەنگە دەنگ دروست کاتو خۆی بەدەر بێخێت! دەنا هیچی تر.

- پێشان گەر دایك یا باوك نەخۆش با منداڵەکانی لە پشت سەری دادەنیشتنو لەخزمەتی دادەبوون، ئێستا (لە مانگی 10ی ساڵی 2010) پیرە دایکێك نەخۆش کەوت لەناو کۆمەڵێك کچو کوڕو بوكو نەوە کەچی داوایان لە ئافرەتێکی نزیکانی زاوا دەکرد: بەڵکو لەگەڵی بمینێتەوە لە نەخۆشخانە لەبەر ئەوەی ئەوان کەسیان پێ یان ناکرێت لای بن..!

کوڕێکیشان هەر بەلاشیەوە دانەچوو! باشە دەپرسم: ئەگەر مرد چۆن رووی دێت لە پرسەکەی رابوەستێت؟ باشە خەڵکی بچن چی پێ بڵێن؟!.

- پێشان ئەگەر دایك یا باوك کۆلکە داریش بان کەسێك گوتبای خوا ئەمانەتی خۆی لێ وەرگرێتەوە، منداڵەکانی پێ ی تورە دەبوون، (دەیانگوت: نا وامەڵێ تا مابن بەرەکەتن لەناومان)، (هەیهاتە هەیهات)! دیسان دەڵێم: (هەیهاتە هەیهات)! ئێستا.. خۆیان داوا لە خەڵکیو میوانانیان دەکەن: توخوا دوعامان بۆ بکەن کە خوا رەحمی خۆی پێ بکات.

- دراوسێ نەخۆشە نەشتەرگەری بۆ دەکرێت دوای چەند رۆژێك ئینجا دەڵێ: والله نەم زانیوە، یا تازە زانیومە! لەوە خراپتر: برا یا برازای چەند رۆژێك لە نەخۆشخانە دەخەوێ ناچێتە لای! یانیش بە ڕەجاو تکای خەڵکی سەرێکی بەسەر دادەگرێت! (مع الأسف) ئەم مرۆڤە چی بەسەرهاتووە؟.

- کەسێك لەلادێ یەکی تر دەمرد خەڵك ئۆقرەی لێ هەڵدەگیراو دەستی کاری نەدەگرت تاوەکو دەچوون بەشداریان لە ناشتنی دەکرد، بەڵام بەداخەوە ئێستا بووەتە ناسیارەتیو جاری واش هەیە: خزمێکی یان دراوسێ یەکی مردوویان دەبێت نەك ناچێت (ئەگەر لابەلا هەواڵەکەی زانی) دەچێ مۆبایلەکەشی دادەخات نەبادە هەواڵی پێ بدەن.. تا دوایێ قسەی بێو بڵێ: نەم زانیوە، بۆ ئەوەی کاتی ئیسراحەتی یان کەسابەتی لێ ی تێك نەچێت! هەر لەسەر قەبرانەوە زانیویەتی کەچی لە دووەم یان سێ یەم ڕۆژ دەڕوات بۆ پرسەکەی، (کە ئەصڵی سوننەتەکەو خێرە گەورەکە: ئامادەبوونە بۆ کاتی شوشتنو نوێژ لەسەرکردنو هەروەها بردنیەتی بۆ سەر قەبرانو ناشتنیەتی).

- پێشان گەر سەر قەبرانو پرسەی یەکتریان دەکرد دەیانگوت: خوا عەفوی کات، خوا سەبوریتان بدات، خوا لە گوناهی خۆشبێت...کەچی ئێستا زۆرێك لەخەڵکی دەڵێن: بەخۆتان خۆش..! بۆ کاوڕم لێ مرداربووەتەوە؟! بۆچی وەکو پیاوانو وەکو موسڵمانان ناڵێی: خوا لەگوناهی مردوتانو ئێمەش خۆشبێت، خوا سەبوریتان بدات، خوا لە مردوی ئێوەشو ئێمەش خۆشبێت؟.

- توخودا ئێمەش موسڵمانی بڕواداریـن وەکو بابو باپیرا نمان؟ هەموو شیعاراتو دروشمی دینمان بۆ دیاری کراوە، پێم بڵێن: ئەوکاتەت باشو شەوباشو ڕۆژباشو بەیانی باشو...هتد. مانای چی یە؟ وەزنو بەهایان لەبەرامبەر (السلام علیکم) چی یە تا جێگای سەلام بگرنەوە؟ ئەمەیە سەقافەتو پێشکەوتن؟

عەزیزەکەم: سەقافەت بە سەلام کردنە، خێری گەورەش لەوەرگرتنەوەکەیەتی (وەکو خۆی وەری بگریتەوە یا چاکتر) ئینجا پاشان:

سەرچاوەو ئەهلەن و...چی دەڵێ ی بلێ.. بەلاَم لە پێشدا ئەم وشەو زاراوانە لە جیاتی (سەلام) بەکار مەهێنەو لەبری وەرگرتنەوەشی دا مەڵێ: ئەهەلەن یا سەرچاوم! بەڵکو وەڵامی سەلامەکەی بدەوە،
کۆشکێکیش لە بەهەشت بۆ ئەوکەسەی دەستپێشخەری لەسەلام کردن دەکات.
- شتێکیان وتباو ئەنجامدابا دەیانگوت: (إن شاءالله) پشتیوان بەخوای گەورە یان بەتەمای خوای، ئێستا دەڵێن: ئەوە دەروێشە یان صۆفی یە یان لایەنی ئیسلامی یە، یاخود فلانە حیزبە...، ئەگەر پێی بلێی بۆچی؟ دەڵێ: لەبەر ئەوەی ئەو زاراوانە ئێستا کەم بوەتەوە! (بەداخەوە).
- جگە لە مامۆستای ئاینی مامۆستای قوتابخانەش رێزی تەواوی لێ دەگیرا، لەکۆلاَن بیانزانیبایە مامۆستا هات لەترسان و لەشەرمان رایان دەکرد، ئێستا بەرووی گاڵتە دەکریَ و لێی دەدریَ و رێگای پیَ دەگیریَ!
- کەسێك درۆی نەدەکرد نەبادە بەدرۆزن ناوزەد بکرێت! شەرم و حەیای بەسومعەی خۆی بوو، ئێستا لەلای کەسێك قسەیەك سیَ جار دەگێڕدرێتەوە هیچ جارێك وەکو یەك نییە! لە خیلاف کردن لەمەوعیدانیش هەر لێگەڕێ..!
- کەسێك سوێندی نەدەگوت چونکە دەترسا سوێند کاری لیَ بکات، ئەگەر ناچار بەسوێند خواردن کرابا ئەوا: بەدەستی بەدەستنوێژەوەو لە مزگەوت سوێندی دەخوارد زۆریش لە عاقیبەتەکەی دەترسا، بەلاَم ئێستا؟ ئێستا: سوێند خواردن بوەتە دیاردەیەکی زەق! شتێك ناکریَ و نافرۆشیَ و قسەیەك ناگێڕتەوە بەبیَ سوێند خواردن! ئینجا بە دەیان جار لەسەر شتێکی کەم قیمەت سوێند بلێ هێشتا بەلایەوە زۆر شتێکی ئاساییە! جگە لەوەش کە درۆزنی سپۆرت پەیابوونە: سوێند بەدرۆ دەخوات بەبیَ ئەوەی کەس داوای

سوێند خواردنیشی لێ کردبێت!

- کاتێك کەسێك بە ئەهلی مزگەوت و جەماعەت لەناو کۆمەڵگا دەناسرا لەزۆر شت نەفسی خۆی لەژێر پێی خۆی دەنا لەبەر حورمەتی مزگەوت، بەلاّم ئێستا زۆر کەسی وا هەیە کە هاموشۆی مزگەوتیش دەکات کەچی لە گوناه ناگەڕێتەوەو خۆی ناپارێزێت لەغەیبەت و درۆو تەماعو...هتد. هەرکات موعامەلەیەکی هاتە پێش ئەوا هەر بۆی بگونجێت قۆڵ دەبڕێت ئەگەر هی ئەوکەسەش بێت کە نوێژی لە تەنیشتیەوە یاخود لە دوایەوەی دەکات ئەوا هەر جیاوازی نی یە بەلایەوەو رەحمی پێ ناکات!

- بە دەگمەن وا ڕێك دەکەوت کە کەسێك بەدەستی بەئەنقەست و پارەی خۆی خۆی سەرخۆش کات، ئێستا: مەی خواردنەوە بوەتە دیاردەیەکی (قێزەوەنی) ئاشکرای ئاسایی رۆژانەی هەندێك لەخەڵکی کە لە ناویاندا ئافرەتان و منداڵان و هەرزەکارانیش لێ ی بێ بەش نین! (بەداخەوە! کە هۆکاری سەرەکی: رێگە خۆشکردن و هەبوونی مەی بەئاشکراو سەر شەقامە سەرەکیەکان و شوێنە گشتی یەکان و ریکلام کردن لە راگەیاندنەکان و رێگا بۆ خۆشکردنیان بەناوی ئازادی رەها! (بەم هۆیەوە) ژیانی هەندێك لە خێزان و خانەوادە تێکچووەو هەروەها ژیانی هەندێکیش کەوتۆتە مەترسی و لێواری تێکچوون)!.

- هونەرمەندی ڕەسەنیان هەبوو، بەلاّم ئێستا: (لەگەڵ رێزم بۆ هونەرو هونەرمەندی رەسەن، بەلاّم): زۆرینەیان بونەتە چاوەش و چاولێکەری و ئاواز دزین، کە بە بێ ئافرەت و بەسەر داهەڵگوتنی لەش و لاری ئافرەت: یەك دێڕیشیان پێ ناگوترێت! وە ئەو ووشانەی بەکاریشیان دەهێنن وەکو

کوردەواری خۆمان گوتەنی: (دەفلوسی سوتا ناهێنن)! بەڵکو: زۆرینەشیان بونەتە ڤایرۆسی ناو کۆمەڵگەو (بونەتە بارگرانیو سەر ئێشەو هەروەها حەیابەرو دین بەر)!، ئەوە جگە لەوەی (کە هەندێك لە ئافرەتەکانیش) بە لەش ولار گۆرانی دەڵێنو لە سەماکەرێك زیاتر هیچ ی تر نینەو فرِی بەسەر هونەرەوە نیە!!!

- جوانکاری دایكو دا پیرا نمان ئاوی دەستنوێژو حەیاو شەرم بوو، بەلاّم ئێستا ئارایشتگا بوەتە مۆدێلو خەڵکی بوك بۆخۆی دەهێنی کەچی بۆ بەر چاوی خەڵکی دەیرازێنێتەوە!

رەحمەتی خوا لەم شاعیرە بێ کە دەڵێ:

هەتاکەی ئارایشتو داوو دەرمان

ئاخر توخوا چۆن دانارِزێن لەشەرمان

چۆن دەبێ باغی شەرەف بێ پاوان بێ

بۆ دەبێ پاوان بۆ ناموس تاوان بێ

چۆن دەبێ باغو بێستان بێ پەرژین بن

لە کاتێکدا پێگەیشتوو رەنگین بن

خۆ کورو کچ لای یەك بن مەمو زینن

برِواتان بێ وەك ئاگرو بەنزینن

قوڕتان بەسەر هەڵی گرن بۆ بن خاك

بۆ بەردەمی دادگای خوای زاناو بێ باك

- لەخەو دەبینرا دایكو باوك لەوپەڕی نازو نیعمەت دابوون، ئێستا لەخەو بینرایە دەرۆزەی دەکرد!

ڕەنگە ئەو خاڵەتان پێ سەیر بێت؟ بەڵام ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەولادەکان سەرقاڵی دونیان و ئاگایان نەماوە لە دوعاو خێرو خێرات کردن بۆیان و هەروەها سەردانی نەکردنی گۆڕیان و (دۆستو برادەرەکانیان و) هەروەها ناتەبایی نێوان خوشكو براکان و ناڕازی بوونی خەڵکی لێ یان.. وای لێهاتووە کە باوکی (یان دایکی) بەم غەریبی یە ببینێت، کە (خۆی) لەخەودا دوو شت درۆ نازانن و حالەت و قسەیان خۆی تەعبیری خەونەکەیە:

1- یەکیان: تەیرو توار.

2- دووەمیشیان: مردوو.

لەفەرموودەی بەهێزیش هاتووە: منالی چاك یەکێکە لەو سێ خێرە نەبڕاوانەی کە خێرەکەیان لەدوای مردوو دەڕۆن بۆ گۆڕەکەی.

- پێشان بە پارە عەبد دەکڕدرا، ئێستا خاوەن پارە بووەتە عەبدی پارە!.

- مامۆستا خوتبەی دەفەرموو کاریگەری راستەوخۆی دەبوو لەسەر گوێ گر (هەڵبەتە بەم شێوازەی ئێستاش شی نەدەکرایەوەو نەدەکراوە بە کوردی)، کەچی ئێستا زۆر جوان دەکرێتەوە بە کوردی ئینجا کاریگەری وەك پێویست نی یە! (لەبەر تێکەڵیمان لەگەڵ دونیا)!

- پێشان بە وەلاغ سەفەرو کاروانیان ئەنجام دەدا زۆر لەسەرەخۆ بوون، کەچی ئێستا (شوکر بۆ خودا) بەسەیارەو تەیارەیە ئینجا هەر پەلە پەلیانە.

- پێشان بەهەموو گوندی کانیەك هەبوو، یان کانی ژنان و کانی پیاوان هەبوو، ژنان بە تێرکەی گوێ درێژو تەنەکەو گۆزە لە ڕێ ی دوورو نزیکەوە ئاویان دەکێشایەوە بۆ ئیش و کاریان، ئێستا بە بۆریە دێتە بەردەستیان

ئینجا قەدری ئەو نیعمەتە گەورەیە وەك پێویست نازانرێت و لەبری شوكرانەو دەست پێوەگرتن كەچی ئاو بەفیڕۆ دەدەن.

- پێشان نانەكی سادەت دەدا بەكەسێك تا مردن لەبیری نەدەكرد، بەلاّم بەداخەوە ئێستا ئەو هەموو جۆرە خواردن و میوەجاتەی بۆ ریز دەكەیت هەر ئەوكاتەو لەبیری نامینێت.

- پێشان ئافرەتێك دوو گیان بوایە بە ورە بوو چاوی لەرەحمی خوا بڕیبوو، ئێستا هەر دوو جار ژانی نابینێت خێرا داوای نەشتەرگەری دەكات بۆ لەدایك بوونی كۆرپەكەی.

- خواردنی ئەوڕۆیان هەبوو دەیانگوت: خوا كەریمە بۆ بەیانی، بەلاّم ئێستا بە مانگ و ساڵ هەیەتی دابنیشیٚ و بیخوات.. كەچی قەناعەتی نی یەو لەعیبادەتیش ساردو سڕە.

- دانیشتن و سەردانی و خواردنەوەی چای عەسران (لەگەڵ ئەو نەبونی و فەقیریەی ئەوكاتیش ئینجا) لەناویان بەناوبانگ بوو، بەلاّم ئێستا ئەو شتانە باوی نەماوە.

- مەولودیان بەنان و شیوو شەكراو دەكرد بە دەیەها (صەلاّواتیان) بەكۆمەڵ لیٚ دەدا، ئێستا بووە بەئاهەنگ و بە فرقەو بیبسی و پاقلاوەو.. بەهەمووی چوار سەلاّوات یش لیٚ نادرێت.

- بە خانوی قوڕكاری و سادەو بیٚ مواسەفات زۆریش شوكر بوون، ئێستا خانی و بینای عەیبی نی یە 100ساڵی تر بۆ نیشتە جێبوون دەست دەدات كەچی تێكی دەدات و لە بناغەوە بە مۆدێل و مواسەفات و ئیسراڤی زۆر دروستی دەكاتەوە.

- خۆزگەو داوایان کەم بوو، بەلاَم ئێستا هەر یەکێك لە ئێمە گوریسی درێژکردووە لە دونیا هەروادەزانیٚ قەت نامریٚو مردن بۆ ئەو هەڵگیراوە؟ ئارەزووەکانی ژیانی هەر لە ژومار نایەن.

- لەسەر زەویو پارە تەنەززول لەبۆ یەکتری زۆر بوو، کەچی ئێستا زۆر کوڕی چاکە بەلاَم هەرکات پارەو تەماع هاتە گۆڕیٚ ئیتر هیچی تێدا ناهێڵێتەوەو (وەك دەگوتریٚ) بابو برای خۆی ناناسیٚ.

- (قورئان)یان ماچ دەکردو لەسەر سەری خۆیان دادەنا، ئێستا نەك خۆی نایکات بەکەسانی تریش دەڵێن: نەکەن شتی وا نەبووەو نیە؟

- پێشان لە نەخۆشی ورەیان هەبوو، ئێستا ورە لە ژێر پلەی 0٪، منداڵە دەستی دامارایە، خۆی داوا دەکات: بم بەنە دکتۆری، بۆ پەسیوێك چوارجار عیادە دەکات؟.

- ئینتیمایان هەبوو بۆ خاكو نیشتمان، ئێستا تەنها بۆ موجامەلەی سیاسی باسی لیٚ وە دەکەن نەك بەڕاستی؟.

- جگە لە پیاوان ئافرەتانیش دلێر بوون بۆ خاكو نیشتیمانیان، ئێستا پێم بڵێن: (خوا بەو ڕۆژەی نەکات) توشی هەر رووبەڕوبونەوەیەك بینەوە لەگەڵ دوژمنا نمان؟ شەڕو بەرەنگاربوونەوە بەسەرخۆشیو بە تەنورەی کورتو پانتۆڕی تەسكو...هتد. چۆن دەکریٚت؟؟

- کەسێك کەیفی بەکەسێك نەهاتبایە ئەوە دیاربوو، ئێستا لە ژێرەوەیە بە ڕووە ئاشکرایەکەی کوڕی چاکی وەك خۆی نی یەو زۆر دڵسۆزە بۆت.. لەژێرەوەش ئەبولەهەبێکە؟ لە پاشملەش خەنجەری ژەهراوی دەوەشێنیٚ؟.

- گایەکیان بۆ دایكو باوکیان دەکردە قوربانیو صەدەقە، ئێستا خۆی خێر

ناكاتو (بە شێوازێك) دڵی خەڵكیش ڕەقەكات لەو خێرە گەورانە.

- نەسیحەتو ئامۆژگاری شوێنی خۆی دەگرت، بەڵام ئێستا دانیشە شەوو ڕۆژێك ئامۆژگاری بكە هەر ئەوكاتەو بیری دەچێتەوە.

- بەڵێنیان دابا جێ بەجێ یان دەكرد، ئێستا لە یەك وەخت چەندین بەڵێنی دەداتو هیچیشی جێ بەجێ ناكات.

- پێشان خەرابە كەم بوو لەبەر ئەوە كەسی خەراپو كاری خەراپ هەر لە دوورەوە دیاربوو، بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی خەرا پە زۆر بووە چاكە هەر بەحاڵ دەبینرێ.

- قەبوڵیان بەكەلتوری بێگانەو چاو لێكەری بێ باوەڕان نەبوو، بەڵام ئێستا كلتوری بێگانە هاتوەتە ناومانو كلتوری خۆمانی ڕاماڵیوەو لەبیرمان چۆتەوە! وە ڕەنگە جاری واشە دژی دەوەستینەوە!

- پێشان ئەگەر لەشار چوبانە سینەما (لەبەر ئەوەی خەڵكی لەوپەڕی ڕەوشت بەرزی دابوونو ڕەقابەو لێپرسینەوە هەبوو) فلیمێكی ڕێكو پێك پەخش دەكرا (كە دەشیا بۆ تەماشاكردن)، ئێستا (نەك هەر ناوەكەشیان ناشیرین كردووە كەچی) سینەما لە ماڵو ناو گیرفا نمانە! (مەبەستم پێ ی: تەلەفزیۆنو مۆبایل)ە! وە زۆرێك لەكەناڵەكانی تەلەفزیۆن شیاوی تەماشاكردن نینو زۆر لە سینەما خرا پترو ناڕێكتر بەرنامەو كلیپو فلیم پەخش دەكەن كە ڤایرۆسی هاڕینی ئەخلاقو ڕەوشتی بەرزن (بەداخەوە)!.

- پێشان كەسێك راتبێكی هەبا پەنای بۆ كار نەدەبرد، كەسێكی روتبەدار شۆفێری تەكسی كردبا 6شەش مانگ زیندانی دەكراو لە وەزیفەكەشی لایان دەدا، كەچی ئێستا لەبەر چاوبرسێتی پێ یوە دیارنی یە مۆزەفەو تەكسیش

ئیش دەكـات.. پـەنا بـۆ كـاری تـریش دەبـات، ئـەو هـەموو مووچـەخۆرو فەرمانبەرە هەیە ولاّتمان پیّ یوە دیارنی یـە؟ چـونكە قەناعـەت نـەماوەو هەمووی بۆ خۆ پیێگەیاندن و سەرمایەداری غاردەدات و بەدوای دونیادا ویڵە؟

- شەرمو ئابڕویان بەخۆ بوو پـارەی لـەگیرفان نـەبوو هـەر بەسەرەخۆشـی نـەدەهێنا (عـزةالنفس یـان هـەبوو)، ئێسـتا ملیـۆن و نیوێـك دوو ملیـۆن راتبیەتی كەچی تەكسی ئیش دەكات؟

- پیێشان خوا خوایان بوو مزگەوت ئیشیێك پیێویسـتی یـەكی هـەبی، ئێسـتا خۆی لیّ دەشارتەوە.

- ئینجا بەتەمای درێژكردنەوەی ئەم بابەتـە نـەبووم بـەم شـێوە، بـەلاّم موسڵمانیێك دەیگوت: مامۆستا چی یە ئەوەندە لە وتارو بابەتـەكانت باسـی باب و با پیران دەكەیت؟ منیش ناچاربووم كە ئاشنای كـەم بـە ژیـانی بـاب و با پیرانی:

أ- گوتومە: باب و با پیران نەم وتوە باب و با پیرم.

ب- دوعای خێرم بۆ كردونە كە لە قورئان ی پیرۆز دایە.

ج- شتە باشەكانیانم باس كردووە كە لە فەرمووده داوامان لیّ كـراوە شـتی باشی مردوو باسكەین.

د- نەوەی نویّ دەڵێن: ئەوان هیچیان نەدەزانی، بۆ ئەوەی فێربن و بزانن كە ئەگەر زۆریان نەدەزانی بەلاّم زۆریـان دەكـرد بە پیێچـەوانەی ئێمـە كـە زۆر دەزانین بەلاّم كەم كار لەسـەر زانیاریـەكا نمان دەكـەین؟ لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆریان دەزانی.

پاشان ئەگەر ئێمە نەیڵێین و باسیان نەكەین نەوەی نویّ نازانن كە ئەوانە چ

جۆرە پیاوانێکی مێژوویی‌و، ژنەکانیش چ شێرە ئافرەتێك بووینە، چۆن دینی یان بەعەمەل دەیناو هەروەها پیاوی ماقوڵ‌و قسە زان‌و جێگاو پێگە دیاربوون، بەوان با قسەی خێریان کردباو نانێکی یان دابا بە میوانی خۆیان.

- ئەوەی راستی بێت ئێمە هیچی وامان پێك ناچێت، نە ئیما نمان، نە کارو کردارمان، نە کەسابەت‌و ئیشمان، نە قەناعەتمان، نە رەحم‌و سۆزو میهرەبانیمان، نەرێزمان، نە دڵسۆزیمان..!

- کەسێك لە ولاتێکی دەرەوە هاتووە دەڵێ: ئەوە چی یە ئەو کوردستانە چی بەسەر هاتووە؟ مەرەقم بوو لە مەجلیسێك دانیشم‌و زیکری خوای تێدا بکرێت‌و باسی قیامەت‌و دین بکرێت (بەلام بە داخەوە) باس هەر باسی دونیاو پارەو سەیارەو زەوی‌و خانوو قەرزو حازرو...هتد!

- پێشان لەهەرکوێ گوێ یان لە بانگ بوایە.. لەسەر پشتی وەلاغیش بایە دەهاتە خوارەوەو وەلاغەکەی بە سنگێك یا لە دارێك دەبەستایەوە، ئێستا بانگ گوێ ی کاس دەکات بە بڵندگۆی مزگەوتەکان‌و رادیۆی ناو سەیارەی کەچی بۆی دانابەزی.

- پێشان وەلاغێك (یا هەر شتێکی دیکە)یان بە ئەمانەت وەرگرتبا زۆر بەجوانی ئاگایان لە سپاردەکە دەبوو پارێزگاریان لێ دەکرد، بەلام ئەمرۆ سەیارەی ئەمانەت وەردەگرێت پێی دەچێتە ناو چاوی خەڵکی‌و وەك پێویست پارێزی لێ ناکات!

- منداڵی پێشان هەر نمونە بوون لە: رێك‌و پێکی، هی ئێستا لەماڵەوە لێ یان بێزارن لەبەر بێعاری‌و هەرەپاسی.

- گەورە شەرمی بەخۆ بوو جوێن بدات، ئێستا منداڵ جونی زۆر بێتامو پیس دەدەن! جگە لەهاوتەمەن جاری وا بەگەورەو بگرە دایكو باوكی خۆشیان دەدەن! خەتای گەورەش هەیە چونكە بەداخەوە دەڵێم: خۆیان فێری جونو درۆو ئەفعالو گوفتاری خراپیان دەكەن!

- لەبۆ دینی خوا تورە دەبوونو لەسەر پیرۆزیەكانی ئیسلامەتیان بە جواب بوون، بەلاّم ئێستا بۆ خزمەتگوزاریو دامەزراندنو.. (والحاصل)ی بۆ دونیاو مافیها تورە دەبن، كەچی ئەو هەموو بیّ ئەدەبیانە بەرامبەر بە دینی ئیسلام دەكرێت بەلاّم نایهەژێنێت! بەسەری دادیّو دەروات وەك شتێكی سادەو هیچ رووی نەدابێت لەناخیەوە نای هەژێنێت!

- پێشان دەیانگوت: چاكەی بكەو بیدە دەست خوا، ئێستا دەلّیّ: كەینیّ ئەو بە كەڵكی من هاتووە..!

- پێشان بیرو خەیاڵیان لە خێرو چاكەو پیاوەتی بوو، ئێستا ئەوەندەی بیر لە لایەنی ماددە دەكرێتەوە لەلایەنی روحیو ئیمانیو مرۆڤایەتیو كۆمەلاّیەتی ناكرێتەوە!

- دایكە یەتیم زۆر بەگەورەو خوشكو دایك سەیر دەكران، ئێستا نەك هەر ماڵی لە ناموسیشی دەست نا پارێزرێتو غەدرو خیانەت لە یەتیمان دەكرێت!

- پێشان شەرمیان بە پیگەی خۆیانو بابو باپیری بوو هەموو جۆرە رەفتارێكی نەدەكرد نەوەك ئەوان بەهۆی ئەووەوە لەكەدار بكرێن، ئێستا دەبینی 7حەوت پشتی مەلاو پیاو چاك بووینە كەچی جەنابیان ماركسی یەو فكرەی بۆگەنە.

- بەرەكەتیان لەگەڵ دابوو، بەلاّم ئێستا خۆتان بلّێن: ئێمە لەكوێوەی

ئەوانین؟

- هەرزوو منداڵ لەلای مامۆستای مزگەوت یا قوتابخانە فێری (فاتیحە)و (سورەتە کورتەکان)و (نوێژ) دەکران، بەلاَم ئێستا وانەی ئاین لە قوتابخانەکان لە چەند لاپەڕەیەك زیاتر نی یەو وەکو پێشانیش گرنگی پێ نادرێت‌و جاری واشە لەگەڵ حصە کەمی ئینجا وانەی ئاین دەیخەنە دەرسی کۆتایی، یان دەیکەنە وەرزش!

- پێشان کەسێك ئیشێکی دەکرد تا مردن بەو کارەی دەناسرا، ئێستا پەلاماری چەندان ئیش دەدات‌و بە ئیشەکەی خۆی قەناعەتی نایێ‌و دڵی ئاو ناخواتەوە! ئینجا هێشتانیش هەر قەناعەتی نایێت..

- پێشان کەسێك شتێکی بکڕیبا دەیانگوت: پیرۆز بێ، خێردارە، ئێستا دەڵێن: ئەرێ ئەوە لەکێت بوو؟ چۆنت کڕی؟ بە چەندیت کڕی؟ بە قیست یان بە حازری؟ دەیان پرسیار دەکات.. (جاری وایە) ئەوەی لەبیری نەبێت دوعای خێرو پیرۆزباییەکەیە!

- کەسێك کارێکی کردبا یا شتێکی کڕیبا خەڵکی زۆر حەقیان بەسەرەوە نەبوو پرسیاری (مالا یعنی)یان نەدەکرد، ئێستا بەبێ ئەوەی بیناسێ یان پرسی پێ کرابێ خۆی هەڵەقوتێنێتە ناو باس‌و خواسەکان‌و کاروباری تایبەتی خەڵکی!، لە فەرموودەی پێغەمبەرمان صلی الله علیەوسلم هاتووە: (من حسن اسلام المرء ترکە مالا یعنیە) أخرجەالترمذي وغیرە، واتە: لە جوانی موسڵمانێتی کەسی موسڵمان دایە کە هەرشتێك پەیوەندی بە ئەوەوە نەبێت وازی لێ بێنێت.

- برایەتی + مام‌و برازایەتی + ئامۆزایەتی + جیرانەتی...هتد. ڕەونەق‌و

جەوهەری خۆی هەبوو، بەلاَم ئێستا وەکو پێشان نـی یـەو جەوهـەری خـۆی لەدەست داوە! (إلا ما رحم ربی).

- نیعمەتێك لە وەلاَغ یا لە کەلَو پەل خوا پـێ ی دەدان دەیـانگوت: بەشـی خەلَکیشی تێدایە، ئێستا تەنها بۆخۆیو مالَو مندالَەکانیەتیو کەسـی تـر خێری لێ نابینێت، جاری واش هەیە لـەبری خێـرو چـاکە گوناهیشـی پـێ دەکات!

- وتارو ئامۆژگاریان بەباسـی خـەلَکی پـێش خۆیـان دەڕازانـدەوە، ئێسـتا قسەی قەدیمی بۆ دەگێڕیتەوە دەلَێ: ئەوە چی یە مامۆستا هەر باسی قەدیم دەکات؟! باشە برا: خۆ ئەوە خوتبەیە فێری دینت دەکات چ ئیشی لە هەوالَو سیاسـەتو جەریدەیـە، ئەوانـە تەلـەفزیۆنو راگەیانـدنیان زۆرە، (دینەکەمان): خوتبەو ئەو جۆرە دروشمانەی لەبەر دەسـت مـاوە.. ئـەویش ببەینە ئاقارو بازاڕی دونیای هەوالَو سیاسەت؟!

- پەندی پێشینانمان هەیە عەقلَت لە ئاستیا ئەوەستێت، ئـەوە لـەکاتێك وتراوە کە تەکنەلۆژیا هەر بوونی نـەبووە (بـەبێ کۆمپیوتـەرو ئینتـەرنیت سـەریان لەئیشـان دەردەچـوو)، ئێسـتا لـەناو ئـەو هـەموو زانسـتو تەکنەلۆژیایە هاوچەرخەین کەچی دەتوانم بلَـێم: هـەر تۆزیشـیان لـەدوا ناکەین(لە دوای عەقلَو بیرو هۆشو قسە زانیو مەنتیقیو دینداریان).

- پێشان ئەگەر کەسێك لەلایەن بابی یان برای کارێك کرابا یـان بڕیارێـك درابا ئەگەر ڕاشی لێ نەبایە شەرمی بەخۆ بوو دەنگـی نـەدەکرد، بۆنمونـە: کەسێك دووسەد دینار قەرزداربا چوبا لای بـرای خـاوەن قەرزەکـەو بیوتبـا دەبێ وابکەیت براکەت لێم خۆشبی بەخودای نیمە بیدەمەوە؟ دەیگـوت: بـڕۆ

گەردەنت ئازادبی، دواتر بەبرایەکەی رادەگەیاند ئەویش لاری نەدەبوو، (بەخودا قەسەم) ئێستا ئەگەر ئەوە دەکات دەبێ خۆی پارەکەی بۆ بژمێری و بیداتەوە دەنا دەبێتە شەڕو هەرایان!
- شەیتانیان بەکردار بە نەفرەت دەکرد، بەلاّم بەداخەوە ئێستا بەس بە گوفتارە دەنا وەکی دی هەموو برادەرایەتی دەکەن! وەك ئەو پیاو چاکەی دەڵێ: (سەرم سوڕماوە لە کەسانێك کە بە گوفتار نەفرەت لەشەیتان دەکەن کەچی بە کردار گوێ ڕایەلی دەکەن، هەروەك سەرم سوڕماوە لە کەسانێکیش دەڵێن: بەندەی خواین و خوامان خۆش دەوێت کەچی بێ فەرمانی دەکەن)!.
- تەنازولیان بۆ یەکتری هەبوو، ئێستا گرفتی هەرەگەورەمان ئەوەیە: نە ئەتوو خۆت بەمن دەدەیت نە منیش خۆم بەتوو دەدەم، نە تۆ خۆت پێ ناحەقەو نەمنیش! هەرکەسەو خۆی پێ حەقە!
- غروری کەم بوو گەر کەسێك غروریش با بێ ئەدەبی بەرامبەر بە ئاردو خواردن نەدەکرد، ئێستا غروری گەیشتۆتە لوتکە! کێ ئەو برنجە دەخوات و، کێ ئەو ئاردە دەخوات و...هتد! ئەمانەو جگە لە فڕێدان و خەسارکردنی ئەو هەموو نیعمەتەی(خوا).
- پێشتر خاوەن هیچ نەبوو..(نەك خۆی باب و باپیریشی خاوەن شتێکی وا نەبوون)، کەچی ئێستا بە سەیارەی مۆدێل 2008و2009 دەڵێ: کێ ئەوە داژوات، یان دەڵێ: توخوا ئەوەش سەیارەیە!
- پۆشاکێکیان لەبەر دەکرد تا دەدڕا، ئێستا بەجۆرە پۆشاکێك دەچێتە خوێندنگە یا بۆ شوێنێك دەچێت.. بۆ بەیانی دەڵێ: بەهەمان پۆشاکی دوێنێوە ناچمەوە بۆ قوتابخانە یان بۆ ئەو شوێنە چونکە عەیبە پێشتر

ئەوەم لەبەر بینراوەو با نەڵێین: دیارە تەنها ئەو پۆشاکەی هەیە!
لەبری خوێندن و یا هەرکارێکی دیکە ئیشمان بووەتە خۆ دەرخستن و مۆدێل!
- زۆریان هەوەس پێ دەهات گەر نەسیحەت کرابان، ئێستا تەحەمولی نەسیحەت ناکەین، منداڵ قسە لەدایك و باوك وەرناگرێت، گچکە بە گوێ ی گەورە ناکات، یان هەر ئەو دەمەو لەبیر دەکرێت، وەجاری واشە بەناوی لەبیرکردن و لەبیرم چۆوە ئیهمالی دەکات!
- ئەوان تەسبیح بەدەستیانەوە بوو زیکریان پێ دەکرد، ئێستا دەستەکی بووەتە سویچ و ئەوی تریشیان مۆبایل.
خۆ ئەگەر تەسبیح یشی پێ بێت ئەوە وەك عادەتە، یان بۆ جوانی هەڵی گرتووە.. کەم وایە زیکری پێ بکات.
- گلەیی و گازاندە گەر هەشبوبێتن کەم بووەو بەرەهایی و بەبێ ئینسافی وەکو ئێستا نەبووە، ئێستا هەموومان لێك بە گلەیین و ئاگاشمان لەچاك کردنی خۆمان و ماڵەوەشمان نی یە!
وای لێ هاتووە ئەگەر کەسێك بە دەیان و سەدان چاکەو سیفەتی جوانی هەبێت بەڵام تەنها سیفەتێك باش نەبێت (یا بە دڵی ئەو نەبێت) ئیتر هەموو چاکەکانی تری بەلا دەنێت و تەنها باسی ئەوەیانی دەکات کە بەدڵی ئەو نی یە و هیچ عوزرێکی بەلاوە قەبوڵ نی یە! کە ئەمە بە پێچەوانەی فەرموودەی خۆشەویستمانە صلى الله عليه وسلم کە دەفەرموێ:
((ولا أحد أحب إليه العذر من الله، ومن أجل ذلك بعث المبشرين والمنذرين)) رواه الشيخان، پێشەوا عومەریش خوا لێ ی رازی بێت دەفەرموێ: (لا تظن بكلمة صدرت من أخيك شرا و أنت تجد لها في الخير محملا) مجموع فتاوى،

له (أثريش)دا هاتووه: (إلتمس لأخيك سبعين عذرا).. كه بهداخهوه دهیڵێم: ئێمه نهك ههر عوزری بۆ ناهێنینهوه بهڵكو ئهگهر ههر بۆمان بگونجێت (70)بوختانیشی بۆ دهكهین!.

- پێشان تا بكرابا عهیبی یهكتریان دهپۆشی، ئێستا تابكرێت لێ ی لهههڵلاّ دهدرێتو ههتا خهرابهیهك شك ببینن باشی ناگێڕنهوه، ئینجا بوختانیش دهكات ههر شتێكی زۆر ئاساییه بهلایهوه.

- قسهی شهڕیان نهدهزانی، ئێستا قسهی خێر نازانن ئینجا له ههموو روێكهوه: لهكاتی داخوازیو داخوازی كاری + لهكاتی كڕینو فرۆشتنو موعامهلهو...هتد.

دهڵێم: گهر وابڕواتو زوو فریای خۆمانو تهوبهكردن نهكهوین وهزعمان خراب دهبێت!،

زۆرم پێ خۆشبوو بزانمو بۆم روون بێتهوه: بۆچی تاوهكو خرا پهیهك ههبێت باسی چاكهی یهكتری ناكهینو زۆر ڕقهستوورو داخ له دڵین بهرامبهر به یهكتری؟ بۆچی ئاوهامان بهسهرهاتووه؟ بێگومان ئهوهی بهدوای داگهڕابێتم ههر ئهوه شك دهبینم هۆكاری سهرهكی: ئیمان لاوازیو دڵ رهق بوونمان بهتاوانو گوناهه، كه هۆكاری لاوازی باوهڕو بههێزی شهپۆلهكانی خهتهرهی خراپی نهفسو شهیتانو دهوروبهری خراپ كاریگهری نێگهتیڤی ههیه له سهرمان!.

- شیویان بۆ یهكتری دهبردو بههانای جیرانهوه دهچوون، ئێستا شیوبردن بووهته عهیبو جیرانیش (بهناشوكری نهبێت) تهنها ناوهكهی وهكو خۆی ماوهتهوهو بهناو پێ ی دهگوترێت: جیران!.

- پێشان گەنج 25-30ساڵ بوو شەرمی دەکرد باسی ژن یا شوکردن هەر بکات، ئێستا کوروکچ مان ( ماشاءالله )یان لێبێت هێشتا خۆی منالەو منداڵیان دەبێت، ئینجا نە لەمەعنای دایکایەتی دەزانێت! نە لەمەعنای باوکایەتی و! نە لەمەعنای خەسوو خەزوراتی و..هتد. بەم هۆیەوە دیاردەی تەلاق رێژەی بەرز دەبێتەوە بۆ رێژەیەکی خەیالی لەناو کۆمەلگا.

# لەکۆتایی دا

بۆ هەموو ئەو بەراوردانەی کە کردومانن دەبێ بزانین: ( الليل والنهار لايتغيران ولكنكم اهل التغيير ) شەوو رۆژ ناگۆرێن بەلام ئێمەی مرۆڤ دەگۆرێین!،

کەواتە چارەسەری گونجاو:

1- سەروی هەموو شتێك گەرانەوەمانە بۆ لای خوا، کارکردن لەسەر دینی خواو سوننەتی پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم.

2- شتە جوانەکانی باب و باپیرانمان و دایك و داپیرانمان بێنین لەناو خۆمان و نەوەی نوێ زیندووی بکەینەوە، لەشتە سلبیەکانیش خۆمان ببوێرین.

3- لە ئیسلامەتی داوامان لێ کراوە کە: چاکەکانی مردووەکانمان یاد کەین، بۆیە ئێمەش بەو نیەتەوەو بۆ سودمەندی خۆمان و نەوەی نوێ خۆمان لە کارە سلبیەکانیان دەبوێرین.

4- وازهێنان لە تەقلیدو چاولێکەری کلتوری بێگانە.

5- بەوەفابوون ( وەفامان هەبێت ) بۆ باب و باپیرانمان.

- ئینجا خاڵێکی گرنگ لەشێوازی پرسیارو بەجێ هێشتنی وەلام بۆ خۆتان ( بۆ پەندو عیبرەت ) ئەویش ئەوەیە: ئایا باب و باپیرانمان چیان لێهات و بەرەو کوێ

بەرێ خستران؟! باش بزانن و هەردەم لە فكرو خەیاڵتان بێت كە ئێمەش لـە دوای ئەوانین بۆ هەمان شوێن! كەواتە شاعیر جوانی هێناوەتەوە كە دەڵێ:

مەردی خوابن چاو هەڵێنن رووكەنەوە سوننەت و قورئان

چونكە بەرنامەی خوا بۆ مرۆڤ پێویسترە لە ئاوو نان

زۆر بەژیرانە بیگرنە بەر رێگای راست و رووناكی ژیان

هەتا زیندوون و نەمردوون بەجێ ی بێنن ئەركی سەرشان

* بەهیوای تەمەنی پڕ عیبادەت و ساغ و سەلامەتی و كامەرانی بۆ هەمووﻻ*

# "أعوذ بـالله من الشيطان الرجيم"

# "بسم الله الرحمن الرحيم"

## ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾

{ألبقرة: 134}

واتە: ئـەوان ئۆممـەتێك بـوون و (هاتنـە سـەر دونیـاو) پاشـان رۆیشـتن

بەخۆیان و کردەوەی چاکیانەوە، ئێوەش هەرچی دەیکەن لە چاکە بۆ خۆتانەو بەرپرس نابن لە کارو کردەوەی ئەوان، ئێوە بەتاوانی ئەوان تاوانبار ناکرێن هەروەك بە چاکەشیان پاداشت نادرێنەوە.

*** وآخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين ***

***********

**شتێك كە هەموو تاك پەرستان لە( پێشان و ئێستا ) لەسەری کۆکبن**



( لەگەڵ چەند بنچینەیەکی تری ئیسلام )

کە ئومێدەوارو داواکارین لە﴿خوا﴾جل جلالە کە هەر لەسەر ئەمە بمانژیێنێتو بما نمرێنێتو زیندومان بکاتەوە

( أللهم آمين )

"وصلي اللهم وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين"

( والحمدلله رب العالمين )

***